# ڕژێمی سەددام مرد

**مستەفا گەرمیانی**

بە ڕاگەیاندنی ئۆلتیماتۆمی جۆرج بووش، ڕژیمی دیکتاتۆری سەددام کۆتایی هات!ماوەتەوە خۆی، کە بێگومان یان دەگیرێت یان دەکوژرێت یان خۆی دەکوژێت وەیان هەڵدێت. ئێستا گەلانی عێراق و کوردستان دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەدواداچوونی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا. لەم کاتەدا سەرکردەکانی کورد و جەماوەری ڕاپەریووی کوردستان پێویستە خۆڕاگری شۆڕشگێرانە و دڵ و سنگفراوانی بخەنە کار بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس.

کوردی هەندەران پێویستە زیاتر لە جاران یارمەتی بەپەلە و خێرا بگەیەننەوە کوردستان. بە تایبەتی یارمەتیە ئابووری و مرۆڤایەتییەکان.
کورد خەریکە نزیک دەبێتەوە لە هاتنە دی ئاواتە دێرینەکانی، چۆنێتی و ڕێژەی بەدیهاتنی ئەم ئاواتانە دەکەوێتە سەر ڕادەی چالاکییە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی هەموو کوردی هەندەران و کوردستان، لەم ڕۆژگارە چارەنووسسازەدا، حیزبە کوردستانییەکانیش پێویستە چیتر لە خۆڕایی خۆیان بە قەرزارباری تورکیا نەزانن و ئازادانە و ئازایانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا مامەڵە بکەن. ئەوەش بە تورکیا ڕابگەیەنن کە ئێمەی کورد ئەوەندی ژمارەی هەموو تورکمانەکانی عێراق شەهیدمان داوە بۆ ئازادکردنی کوردستان.

کەش و هەوای سیاسی ئەم ماوەیە ڕێک لە هی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەچێت و ئەمجارەیان بۆ خەڵکی کەرکووک تایبەتمەندییەکی مەزنی هەیە، چونکە دوانزەساڵ دوای ڕاپەڕین کەرکووک دووبارە ئازاد دەبێت و خەڵکی ئاوارەی کەرکووک بە خاک و خۆڵی باوەگوڕگوڕ شاد و خەنی دەبنەوە.
لە جەژنی مردنی سەددام دا:

- دروود بۆ باوەگوڕگوڕی کوردان.
- دروود بۆ شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفالکراوەکان.
- دروود بۆ شەهیدانی کوردستان.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت